

# دەروازەیەک بۆ ئیستاتیکا

هێمن عومەر خۆشناو

**سەرەتایەک**

هەموو ئەو کەرەستانەی لەسەر زەوی هەن بە زیندوو و نازیندوو، جۆرێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مرۆڤ هەیە، ئەم هەڵسوکەوت و گونجانە لەگەڵ یەکتریدا، وای کردوە مرۆڤ بە چەشنێك بە هۆی هەستەکانەوە، هەست بە بوونی هەندێك لەو کەرەستانە بکات.

هەستی جوانی لای مرۆڤ و ئارەزوو و خۆشەویستیی جوانی، ئیستاتیکا دێنێتە کایەوە. ئیستاتیکا وەکو قالبێکی دارێژراو هەروا زانستێکی تایبەت، دەتوانێ جوانی پەردەپۆش بکات و شیی بکاتەوەو لێی بدوێ.

ئەم کورتە باسە سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکانی، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی جوانی و هونەر، کە ئەم تەوەرانەی تێدا خراونەتە ڕوو: پێناسەو بنچینەی سەرهەڵدانی چەمکی جوانی و چەمکی ئیستاتیکا، هەروەها مێژووی سەرهەڵدانی جوانیناسی، پەیوەندیی نێوان سۆفیگەری و ئیستاتیکا باس کراوە، وێڕای باسکردنی ئیستاتیکاو پەیوەندیی بە ڕووخسارو ناوەڕۆك و هەروەها ئیستاتیکای ژینگەو سرووشت، لە کۆتاییشدا کورتەی ئەنجام بە چەند خاڵێك ڕوونکراوەتەوەو سەرچاوەکانیش بەپێی شێوازی (داکردن– کۆد) ریزکراون.

***ئیستاتیکا چییە؟:***

بۆ ئەوەی بزانین ئیستاتیکا چییە؟ دەبێ سەرەتا بۆ ئەو پێناسانە بگەڕێینەوە کە بۆ چەمکی (جوانی) کراون. تا لەو ڕوانگەیەوە پەی بە نهێنییەکانی ئەو چەمکەو چۆنیەتیی پەرەسەندنەکانی ببەین. لەو سۆنگەیەی کە پێناسەگەلی جیاواز بۆ جوانی کراون، چونکە لای فەیلەسوف و پسپۆڕانی ئەو بوارە تێڕوانینی جیاواز دەبینرێن، لەمەڕ جیاوازیی میتۆدو ڕێبازەکانیان و تێڕوانینیان بۆ ژیان و هەڵوێستیان دەربارەی میتافیزیکاو بوون و مرۆڤ.

یۆنان و گریکەکان بە لانکەی تێڕوانین و کانگای هزر دادەنرێن، کە لایەنی (جوانی)شیان وەك هەر لایەنەکانی دیکەی فەلسەفە و ژیان، فەرامۆش نەکردووەو تایبەتمەندیی جوانی و بەشەکانیان دەرخستوە.

لێکۆڵینەوەکانی فەیلەسوفانی یۆنان دەربارەی فەلەکناسی و تێڕوانین و ڕامانیان بۆ گەردوون و بوون، کە لە ڕاستیدا گەڕان بوو بەدوای ڕژێمێکی ڕێکوپێك و

یەکێتییەکی سەرانسەریی گونجاو، لەو نێوەندەشدا جوانی دۆزرایەوە، بەتایبەت کە دەرکیان بە هونەرەکانی شێوەو وێنەگرتن و هونەری بیناسازی کرد، لەوێوەش دەرکیان بە جوانی کرد.(1: 76)

دەرککردنی جوانی سەرەتایەك بوو بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەك بۆ جوانی و پێناسەکردنی و بەرجەستەبوونی لەناو وشەی ئیستاتیکا، چونکە "مانای فراوانیی ئیستاتیکا بریتییە لە خۆشەویستیی جوانی، هەروەك بە پلەی یەکەم لە هونەرەکانی دیکە دەبینرێ" (9 :269) لێرەوە چەمکی جوانی و چەمکی ئیستاتیکا کەوتنە ناو یەکترەوە. ئیستاتیکا بوو بە پەرژینێك تا جوانی لەنێو خۆیدا بشارێتەوە. بۆ یەکەم جاریش ئەم وشەیە لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی (بۆمگارتن) بەکارهات، ئەو "وشەی (ئیستاتیکا)ی لە کتێبێکدا کە لە ساڵی 1735ی زایینیدا نووسیویەتی، بەکارهێناوە. لەو کتێبەدا باسی مەسەلەکانی زەوقی هونەری و پێکهێنەرەکانی دەکات" (2 :11) لەوەدا بۆمان دەرکەوت کە لە سەرەتاوە تا سەدەی نۆزدە جوانی وەکو چەمك بەکاردەهات، بەڵام دواتر گۆڕانکاری بەسەردا هات و فراوانتر خۆی نواند و چەند قوتابخانەیەکی پەیوەست بەم دیاردەیە دروست بوون، دواجار چەمکەکە وەك زانستێك بە نێوی زانستی جوانی (جوانیناسی– علم الجمال) خۆی نواند.

ئەگەر بێت و ئێمە لە جوانی وردبینەوەو تێی بفکرین، دەبینین بیرێك نییە لە دەرەوەی مرۆڤ خۆی بئاخنێتە ناو شتەکان، بەڵکو کەسی بکەر و هونەرمەند و داهێنەرانن، دەتوانێ جوانی لە دەقێکی ئەدەبیدا یان لە کارێکی هونەریدا بەرجەستە بکات و بتوانێ لە ئادگارو ناوەڕۆکدا ئەو هێزە بدۆزێتەوە."کەواتە مەودای لێکۆڵینەوەی جوانی سرووشت و هونەرە"(2 : 15) چونکە لەنێو ئادگارو جەستەی ئادەمیزادو هەروا جەستەی زەوی و سروشت بە هەموو پێکهاتەو دیمەنەکانیەوە، جا ئەو دیمەنانە چ دیمەنی زیندو بن یان دیمەنی مردو، لە چوارچێوەی بیری کەسەکەو لەنێو هونەرێك لە هونەرەکان دادەڕێژرێت، لە ئیلهامی جوانییەوە جوانی دێتە کایەوە، وێڕای ئەمەش ئەو جوانییەی کە لە سروشت و هونەردا هەیە، هونەرمەند یان نوسەر بە شێوەیەکی نوێترو داهێنەرانەتر دایدەڕێژێتەوە.

ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە لە ئەسڵ و بنچینەدا جوانیی دیمەنەکە کەموکورتی هەیە، بەڵکو ئەوە ڕاو تێڕوانین و چۆنیەتیی تێگەیشتنی هونەرمەندە کە گیانێکی دیکە بەبەر دیمەندا دەکات و جوانتری دەکاتەوە. دەکرێ ئێمە لەو ڕوانگەیەوە سەیری جوانی بکەین، کە مرۆڤ بە هۆی ڕێگاو هۆکارگەلێکەوە دەتوانێ هەست بە جوانی بکات، چونکە هەستکردن بە جوانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە، نهێنیی بیستن و بینین و خەیاڵکردن، ڕاستترین و باشترین ڕێگان بۆ هەستکردن بە جوانی، چونکە ئەم سیانە زۆرترین تواناکانی هەستیان داگیر کردوە بۆ خۆیان.

کەسێکی وەك ئەفلاتون لە سەدەی چواری پێش میلادەوە جوانیی بۆ بینین و بیستن گەڕاندۆتەوەو لە هەموو هەستەوەرەکانی نزیکتر و پەیوەندیتر بەم بابەتەوە داناون. (7: 26) زۆر لە ژانری هونەرە جوانەکانیش بەم دوو شتە جوانییان دەردەخرێ، وەکو مۆسیقاو شیعر کە بە هەستی بیستن و وێنەو تابلۆی بیناسازیش هەستیان پێدەکرێ. کەواتە هەمو ئەو ژانرانە لە واقیعدا بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە تیشکی بخرێتە سەر پەیوەندیی نێوانیان و دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییەیە، چونکە " گرنگترین و قورسترین مەسەلەی ئیستاتیکا، مەسەلەی لێکدانەوەی جۆری پەیوەندیی نێوان هونەرو واقیعە، ئایا هونەر کە داهێنانێکی ئینسانییە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆو دەقاو دەقی واقیعە؟"(2 :5)

بۆیە ئەوەی لێرەدا لێی دەفامرێتەوە قسەی لەسەر بکرێ، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان هونەر لەگەڵ واقیع، کە تێیدا لەو پەیوەندییەوە جوانی و ئیستاتیکا لەدایك دەبێت. لەو ڕوانگەیەوە جوانی پێیوایە مەرج نییە هونەر لەبەرگرەوەی واقیع بێت، بەڵکو هونەر دەتوانێ

بەهۆی بەهای جوانییەوە، واقیعێکی نوێ بخولقێنێ، کە بەهای ڕەوشت، جوانکاری و چەشەو چێژی تێدا بەرجەستە بێ و لە واقیع و ڕووخسارو ناوەڕۆکی واقیعیش بەهاو نرخی جوانی و تەواوی (الکمال) نیشان بدات و رەنگە سەرنجڕاکێشتریش بێت، ئەمە لە لایەك بەلأم "کێشەیەکی تریش کە بۆتە هۆی دروستبوونی بیروڕای جیاواز لەبارەی جوانییەوە" نسبی"یان (ڕەها)بوونی جوانییە، بە لای هەندێکەوە جوانی لە واقیعدا بوونێکی ڕەهای هەیەو لە ڕوانگەی هەموو کەسێك و لە هەموو سەردەم و کاتێکدا هەبووەو هەیە، هەندێکی تریش پێیان وایە جوانی شتێکی نسبیە" (42: 10). دەکرێ هەردوو ڕایەکە ڕاست بێت، بەپێی گونجانی لەگەڵ سەردەمەکەدا.

***مێژووی سەرهەڵدانی جوانیناسی:***

تیۆرناس و فەیلەسوف و مێژوونووسانی ئەم بوارە، مێژووی سەرهەڵدانی زانستی جوانی (ئیستاتیکا)یان، بەپێی لێکۆڵینەوەکانیان کردۆتە چەند قۆناغێك، وەك چاخی کۆن، سەردەمی ڕاپەڕین، کلاسیکی، چاخی ڕۆشنگەری، ئیستاتیکای کلاسیکی ئەڵمان، ئیستاتیکای شۆڕشگێر، دیموکراتی ڕووسی.....هتد. هەروەها زۆربەی سەرچاوەکانیش وێڕای باسکردنی قۆناغەکانی سەرەوە، باسی بیری جوانیناسییان لە وڵآتانی سلاڤی و ڕۆژهەلأت و ئاسیای ناوەڕاست و وڵآتانی عەرەبی کردووە.

یەکەمین تیۆرەکانی جوانیناسی لە وڵآتانی ئاسیای بچوك و دواتر وڵآتانی یۆنان و باشووری ئیتاڵیاو ئەسیناو یۆنان دەستی پێکرد، کە بە چاخی نوێ دادەنرێت. لە چاو چاخەکانی دیکە زۆر پێشکەوتووتر بووە لە ژیارو شارستانییەتی کۆن. ئەم ڕۆشنبیری هزرییە خۆی لە چەند بوارێکدا بینییەوە کە هەستی جوانییان تێدا بوو، وەك شانۆگەرییەکانی هۆمیرۆس و شیعرە لیریکییە سۆزدارییەکانی ئەرخیلۆفۆس و هۆراس و...هتد. هەروەها ئەو تراژیانەی کە ئەسکیلۆس سۆفۆکل، ئەرستۆڤان نوسیبوویان و ئەو پەیکەرانەی براکستیلۆس فیدی و زانیارییە فەلسەفییەکانی هیراقلیت و دیموکریت و سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆتالیس و ئەوانی دیکە کە جوانییان تێ ئاخنرابوو.

بیری جوانیناسی لە چاخی کلاسیك لە ماوەی نێوان چاخی شەش و سێی پێش زایین سەریهەڵدا، لای گریکییەکانیش چەند چەمکێکی پەیوەندیدار بە جوانی خۆیان نواند. هۆمیرۆس یەکێکە لەوانەی کە لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناو وەك وشەکانی (جوان، نایاب، چاك، گونجاو) کە ئەمانە لە چوارچێوەی بیرۆکەی جوانی دەخولێنەوە.(8 :9)

ئێمە لێرەدا ناتوانین بە درێژی تیشك بخەینە سەر ناوەڕۆکی تێکڕای فەلسەفەو قوتابخانەکان و ئەو ڕێبازانەی کە بیری جوانی و جوانیناسییان تێدا ڕەنگداوەتەوە، بەڵکو وەك سەرەداوێك تەنیا ئاماژەمان بە ناوی قوتابخانەکان داوە، ئەگەر بێتو بە درێژی باسیان لێوە بکەین، رەنگە بە چەندین باس و کتێب دەرەقەتی نەیەین.

بۆیە ئێمە بە پێی پێویست و لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا باس لەو فەیلەسوف و زانایانەی کە تێڕوانین و بیر و بەرهەم و میتۆدەکانیان دەربارەی ئیستاتیکان، دەکەین.

پەیوەندیی نێوان قەبارەو کێش و دیوی دەرەوەو ناوەوە لای ئەرستۆ، بۆ دەرخستنی جوانی و پێناسەیەکی ڕێکوپێك بۆ جوانی، بە هەند هەڵگیراوە، چونکە ئەو پێی وایە "شتی جوان چ بوونەوەرێکی زیندوو بێ و چ ماددیەك بێ لە چەند بەشێك پێکهاتبێ، پێویستە وەك هەر ڕێکخستنێ بەشەکانی ڕێکوپێك بێ، بەڵکو دەبێ قەبارەیەکی گونجاویشی هەبێ، چونکە جوانی پەیوەستە بە ڕێکخستن و قەبارەیەکی تایبەتەوە. بوونەوەری هەرە بچوك ناشێ جوان بێ، چونکە بینینەکەی کاتێکی وای ناوێ و ناتوانین بە ڕوونی دەرکی پێ بکەین.(1 :34)

کەواتە لێرە ئاڕاستەی بینینی چاو وەك یەکێك لە هەستەکان بۆ دیاریکردنی جوانی گرنگی خۆی هەیە، بەم

شێوەیە ئەم پێوانەیە بۆ هەستی (بیستن)یش ڕاست دەردەچێ، بۆ نمونە لەجیاتی بینین، مرۆڤ گوێی لە گۆرانییەك یان وتارێك یان گفتوگۆیەك بێت، بەهای جوانی بەو پێوانەیە دەدۆزرێتەوە، کە تا چەند ئەو دەنگە ڕێکخستن و هارمۆنییەت و نرخی گونجانی تێدا بەرجەستەیە، لای ئەفلاتونیش جوانی لە (ئایدیال) لە جیهانی ناماتریالی دایە، بەڵام ئەرستۆ بەدوای مەرجە بابەتییەکانی زانیندا گەڕا، نەك لە جیهانی ئەودیوی ناسینی هەستییەوە، بەڵکو لەو واقیعەدا کە دەوری داوەو جوانی بە خاسیەتێك دادەنێ کە بە واقیعی لە شتەکاندا هەیە. جوانترین دەربڕینی جوانی لە گیانلەبەراندا بە تایبەتی لە ئادەمیزاددا بەدی دەکرێ(2: 39).

ئەفلۆتینیش کە بە ئەفلاتۆنیزمی نوێ دادەنرێ لە سەدەی سێ و شەشی زایینی، پێی وایە جوانی لە ڕۆحە نەك لە ماددە، ئەمە نزیکییەکی تەواوی لەگەڵ سۆفیگەریدا هەیە، هەر بۆیەش ئەفلاتۆنیزمی نوێ بە فەلسەفەیەکی سۆفیگەری ناسراوەو پێی وایە جوانی لە بکەر زیاترە نەك لە بەرکار، بۆ نمونە هونەرمەندێك تابلۆیەك دروست دەکات، یان شاعیرێك شیعرێك دەنووسێت، ئەوا جوانی لە کەسەکەدایە زیاتر، نەك لە بەرهەمەکە، واتە بەرزترە.(2: 43). ئەفلۆتین ئیستاتیکاو جوانیناسی لە هونەر خۆی دەبینێ نەك لە هونەرمەند، بەو واتایەی شتەکان خۆیان جوانن، ئەوە مرۆڤەکان نین جوانی دەبەخشن، بەڵکو بوونەوەر خۆی جوانیی تێدا بەرجەستەیە، واتە هونەرمەند یان شاعیر خۆی جوانی تێدا بەرجەستەیە. ئەفلۆتین وەك ئەفلاتون لە جوانی، لە جیهانی ئەقڵدا یەکانگیرە، بەڵام زێتر کاریگەرە بە ڕۆحییەتێکی سۆفیگەری و پێی وایە "لەنێو دەروونی مرۆڤ جوانی هەیە، واتە دەروونی مرۆڤ خۆی جوانە وەك هەر دیوێکی ناوەوەی بوونەوەر"(5: 11).

## ***سۆفیگەری و ئیستاتیکا:-***

لەو سۆنگەیەی کە سۆفیگەری تێڕوانینێکی ئاینییە بۆ ژیان و لەنێویشیدا مرۆڤ، ئەگەر سۆفیگەری بەر لە ئیسلامیش بوونی هەبووبێت یاخود لە سەردەمی ئیسلامدا هاتبێتە کایەوە، ئەوا ئێمە کار لەگەڵ ئامانجەکانی سۆفیگەری دەکەین، کە یەکێك لە بنج و بنەوانەکانی ئەم ڕێگاو ڕەوشتە بریتییە لە پاکژکردنەوەی دەروون، واتە کارکردن بە ڕێگایەك لە پێناو جێبەجێکردنی پرۆسێسی پاکژکردنەوەی دەروون لە خڵت و خاری تاوان، کە دواتر شەوق و ڕەونەقی جوانیی تێدا دەبینرێ، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە هەست بە جوانی کردن لەلایەن سۆفییەوە کە تایبەت بە (خالیق) ئافەرێنەر کە خودایەو هەڵوێستی جوانیناسانەی دەبێ، ئەمەش بەو بیرو بڕوایەی کە دڵ خۆی جوانەو جوانیش دەبینێ.

بیری سۆفیگەری کە هەندێك لە پسپۆڕان بۆ سەردەمی گریك و یۆنانییەکانی دەگەڕێننەوە لە مەسەلەی ڕۆح و پەیوەندیی نێوان ئادەمیزادو خودا، بەم شێوەیە یەکێتییەك لەنێوان مرۆڤ و خودا دێتە کایەوەو تێکەڵ بە یەکتری دەبن، ئەمەش وەك ئاشکرایە لە ڕێگای وەجد و کەشفەوە دەبێت، هەر ئەمەشە وای کردوە کە بە لای سۆفییەکانەوە جوانی تەنها لە خواوە دەبینرێ. ئەمەش بنچینەیەکی ڕەسەنی هەیە، پێغەمبەریش( د.خ) لە فەرمودەیەکدا خوا بە زۆر جوان وەسف دەکات ( إن الله جميل يحب الجمال).

ئەوان پێیان وایە مرۆڤ لە ڕێگەی ڕۆحەوە دەتوانێ لە جوانیی خوا بگات. سۆفیزمی ئیسلامی و هەروەها سۆفیزمی بەر لە ئیسلامیش هەموویان جەخت لەسەر سەرچاوەی سەرەکیی ڕۆح دەکەن بۆ گەیشتن بە جوانیی خودا، چونکە "لای ئەوان خوا بریتییە لە جوانیی موتڵەق و هەمیشەیی و هەستییە"(2: 45)

ئەگەر جوانی لە چاویلکەیەکی نزمەوە بۆ بەرزی تەماشا بکرێ و لەوێوە جوانی بدۆزرێتەوە هاوکات لەگەڵ ئەم بەرزییە خۆشەویستی تێی ئاڵابێ، ئەوا بەم پێیە بێ "سۆفیزم بریتییە لە بەرزکردنەوەی عاتیفەکانی ئینسانی بۆ ئاستێکی سەرووی ئینسانی و چەق پێبەستنی لە خۆشویستنی (جوانیی خودایی)دا کە لە بنەڕەتدا هیچ

شتێ نییە جگە لە خۆشویستنی ئینسان بۆ خۆی"(2: 56).

بۆیە لێرەدا لای سۆفییەکان جوانی باڵاکەی بەرز نابێت تا بە ناوی خۆشەویستی ناو نەدرێت، چونکە خۆشەویستی و جوانی دوو چەمکی گشتگرن ( شامل) و مەبەست لێیان خۆشەویستیی جوانیی یەزدانییەکە لە هەموو شوێنێك ئامادەیی خۆی هەیە و ئەو جوانییە سنووری کات و شوێنی بۆ دانانرێ.(2: 58).

**پەیوەندیی ئیستاتیکا بە رووخسارو ناوەڕۆك:**

هەر لە زووەوە کێشەی رووخسارو ناوەڕۆك سەری هەڵداوە، کە ئەمەش خۆی لە بونیادی شێوازدا دەبینێتەوە. جوانیناسی ( ئیستاتیکا) وەك چەمکێکی پەیوەست بە دەقە بەرجەستەکانەوە لە پەیوەندی لەگەڵیاندا خۆی دۆزیوەتەوە، بە جۆرێك زۆرجار لەگەڵ شێواز یەکانگیر دەبێتەوە، بە واتایەکی دیکە لەنێو بۆن و بەرامەی شێوازدا ئیستاتیکا لەدایك دەبێت. بۆیە لە هەر بوونێکی ئەدەبی یان هونەری شێوەو ناوەڕۆك رۆڵێکی کاریگەر دەبینن، کە بێگومان ئەمەش لە دامێنی داهێنانەوە سەری هەڵداوە، جیاکردنەوەشیان لە یەکتری کارێکی زەحمەتە "چونکە کە سەیری کارێکی هونەری دەکەین جا کارەکە مۆسیقی بێت یان درامی یان تابلۆیی یان ئەدەب، ئەوا گوێگری مۆسیقاو بینەری شانۆو خوێنەری چیرۆك یان رۆمانەکە ناتوانێ چێژەکەی خۆی جوێ بکاتەوە لە ناوەڕۆك یان لە رووخسار، بە مانای ئەوەی کە کارەکە کۆتایی پێدێت نرخی جوانییەکەی لە ساتەکەی خۆیدا دەمێنێ"(4: 46). لەبەر ئەوە جوانی وەك چەمکێك خۆی فەرز دەکات لەسەر کارە ئەدەبییەکانیش دەتوانێ بە شێوەی جیاواز خۆی نیشان بدات، لە کوێ جوانی ببەخشێت لەوێدا جوانی وەك چەمکێکی ئیستاتیکی بەرجەستە دەبێت. بۆ نمونە بەردێك دەتوانێ شوێنێك لە دیوارێك پڕ بکاتەوە، یا ببێتە چەکێکی زیانبەخش، یان لە شوێنێکی پیس و بۆگەن دابنرێت، بە گوێرەی ئەو گونجانەی کە ماهییەت و نرخی جوانییەکەی تێدا دیار دەبێت. بۆیە فۆرمالیزمەکانی روسیا بایەخیان بە رووخسار دەداو لای ئەوان ئیستاتیکا لە شێوەو رووخساردا دەبینرا، بەڵام رەخنەگرە مارکسییەکان چونکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا کاریان دەکرد، رەخنەیان لەو بۆچوونە دەگرت و پێیان وا بوو جوانی تەنیا لە ناوەڕۆکدا خۆی نیشان دەدات و پێویستە ناوەڕۆك فەرامۆش نەکرێ(6: 38).

مارکسییەکان ناوەڕۆکیان بۆ بەرژەوەندیی ڕێبازو ئایدیۆلۆژیای خۆیان بەکاردەهێنا، هەموو هەوڵێکیشیان بۆ ئەوە بوو ناوەڕۆکێك هەبێت خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان بکات. ئەوان هیچ قازانجێکیان لە رووخسارو جوانی و جوانکارییەکانی دەق نەدەکردو بگرە تام و چێژو هەستی جوانیشیان لا دروست نەبوبوو، بۆیە هەندێك لەوانە (فۆرمالیزم) بە شێوەی پراکتیکی ویستویانە ئیستاتیکا لەنێو واقیعەکەدا هەڵبقوڵێ، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر شیکردنەوەی هەموو ئاستەکان تا بتوانن جوانی و ئیستاتیکا بەرجەستە بکەن، لەبەر ئەوە "ئیستاتیکییەکان پێیان وایە شیکردنەوەی دەروونی پاڵنەرێکە بۆ دۆزینەوەی هێماو رەمزەکان و ئەزموونە سایکۆلۆژییەکانیش لە هەندێك حاڵەتدا نرخ و بەهای هونەری دەزانن، بەڵام بەو شێوەیەش نا، کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی جوان بێت ئەوا ناوەڕۆکەکەشی جوانە"(3: 47).

***ئیستاتیکای ژینگەو سرووشت:***

لەژێر ئەو رۆشناییەی کە جوانی و جوانیناسی، پەیوەندییەکی پتەویان بە هونەرە جۆراوجۆرەکان هەیە، لەبەر ئەوەی زانست و هونەرە جۆراوجۆرەکان لە ئەسڵدا هەریەکەیان چەشنی بوونەوەرێکی دروستکراو لە شوێنی خۆی هەڵسوکەوت دەکات، بەم پێیە جوانی وەك چزوورەیەکی بەرجەستە بوو، لەناو هەموویان دەبینرێت، بەڵام قەبارەو جۆری بینینەکە جیاوازیی هەیە. دەکرێ ژینگەو دەوروبەر یان بە واتایەکی تر سرووشت و هەموو ئەو شتانەی کە لەبەر دەستی مرۆڤدان و بە بینین و بیستن هەستی پێدەکات و بەشێوەیەکی بەرجەستەبوونی هەیەو لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵیدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

بۆ نمونە هەستکردن بە ژینگە و سروشتی جوان، یان بینینی دیمەنە جوانەکانی نێو سروشت لە لایەن مرۆڤەو توشی جۆرێك لە پێشکەوتن و لە هەوڵدانە بۆ جوانترکردنی خودی خۆی و دەوروبەرەکەی، هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین کە ژینگەی جوان یاخود بڵێین ئەو زەخرەفە جوانەی کە ژینگەی داپۆشیوەو ئەو زەخرەفە دەستکردەی مرۆڤ تاپۆی دەستی چینی بەرز بوو، چینی خوارەوە لێی بێبەش بووە، بەڵام لە سەدەی بیست ئەو گۆڕانکارییە لە ژینگەدا گۆڕانی بەسەردا هات و "ئیستاتیکا وەك ڕەگەزێکی گرنگ لە ژیانی گەلان و چینەکانی ناوەڕاست هاتە کایەوە، جگە لە زەخرەفە هەوڵدرا جوانی لەنێو خودی (ئاو)یش بکرێ، وەك نافورەی ڕەنگاورەنگ کە هەموو چینێك دەیبینی، هەموو ئەو کارانەش پەیوەست بوو بە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و دەرککردن بە جوانی لای ئەو میللەتە، کە چێژ دەوری کاریگەری دەبوو لە حوکمدان بەسەر جوانیدا"(4: 61).

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم باسەدا گرنگترین ئەو خاڵانەی پێیگەیشتووین، بریتین لەمانەی خوارەوە:

1.ئیستاتیکا جگە لەوەی لەباتی زانستی جوانی (جوانیناسی) بەکاردێت، بەڵام مانای سەرەکیی بریتییە لە خۆشەویستیی جوانی.

2.ئیستاتیکا تەنیا لەناو دەقی ئەدەبیدا خۆی نانوێنێ، بەڵکو لەناو هەموو هونەرەکان بیرۆکەی خۆی داڕشتوەو بە پێی جۆرو شێوازیانەوە.

3.ئیستاتیکاو سۆفیگەری پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکەوە هەیە، بە خاڵی هاوبەش لەگەڵ یەکترو بە یەکچڕژاو و یەکانگیرن.

4.جوانی و ئیستاتیکا وەك دوو چەمك، لە ڕوخسار بن یان لە ناوەڕۆك، گرنگ ئەوەیە لە کوێ خۆی فەرز کرد، لەوێوە چەمکەکە بە بەرجەستەبوو خۆی دەردەخات.

5.ئیستاتیکا جاران تاپۆی چینی بەرز بوو، بەڵام لەم سەردەمە بەری بەرهەڵدا کراوەو هەموو کەس ئازادە ببینێ و بەکاری بێنێ و بیکاتە کەرەستەی خۆی.

**سەرچاوەکان:**


یەکەم: بە زمانی کوردی:

1.هونەری شیعر، ئەرستۆ، و: عەزیز گەردی، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی 2004.

2.فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، کەمال میراودەلی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی 1979.

دووەم: بە زمانی عەرەبی:

1.الجمالية والواقعية في نقدنا الادبي الحديث، عصام محمد الشنيطي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت 1979.

2.جماليات الفنون، د.كمال عيد، منشورات دار الجاحظ للنشر، بغداد 1980.

3.جمالية النفس عند افلوطين، د. ناجي التكريتي، مجلة الموقف الثقافي، ع 39، بغداد 2002.

4.النضرية الادبية المعاصرة، رامان سلون، ت: سعيد الغانمي، ط 1، بيروت 1996.

5.فلسفة الجمال، د. أميرة حلمى مطر، دار الشؤون الثقافية العامة (ألافاق عربية) بغداد والهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، بدون سنة الطبع.

6.موجز تأريخ النضريات الجمالية، م. اوفسيانيكوف و ز. سمير نوفا، تعريب باسم السقا، دار الفارابي، بيروت 1979.

7.موسوعة المصطلح النقدى، د. عبدالواحد لؤلؤة، ج 1، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان1982.

سێیەم– نامەی زانکۆیی:

1.ستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (1950– 1970)، جەبار ئەحمەد حوسێن، کۆلیژی پەروەردە، 2000ز.